

# بچووکترین کامێرای فیلم هەڵگرتنەوە لە جیهان

بچووکترین کامێـــرای هەڵگرتنەوەی فیلم بەناوی camball کە تەنیا بەمەبەســـتی ســـیخوری ســـوودی لێوەردەگیـــرێ هاتە بەرهەم.

هەرچەنـــدە دەگوترێ ئەمـــە بچووکترین کامێرایە کە توانای هەڵگرتنەوەی فیلمی بە کوالیتی ئاســـت بەرز هەیە، بەڵام پسپۆرانی ئەو بوارە پێیانوایە زۆر لەمەوبەریش کامێرای بچووکتر، بـــەڵام بۆ شـــوێنی تایبەت و بۆ سوودلێوەرگرتنی ســـنووردار بەرهەم هاتوون. کامێراکـــە دەتوانێ هەم وێنـــە بگرێ و هەم فیلم و ســـەرەڕای ئەوەش دەنگیش بەباشـــی تۆمار بـــکات. هاردی ناوخـــۆی کامێراکە تەنیا 128 میگابایتە، بەڵام دەکرێ کارتی میمـــۆری تایبەتی بۆ دابنـــدرێ و تەنانەت دەکرێ هەتا 16 میگابایت کارت میمۆری لەسەر دابندرێ کە بۆ کامێرایەکی بچووکی لەم شێوەیە زۆر گونجاوە.

# ئەو ئەنگوستیلە دیجیتاڵیەی پارە دەژمێرێ



ئەو ئەڵقە دیجیتاڵیەی کـــە دەبینـــن ئەرکی ئەوەیە کە پارە بژمێرێ، هەڵگرتنی ئەو ئەنگوستیلەیە ئاســـانترە لە ئامێرێکی گەورەی پارە ژماردن و دەکرێ بۆ هەموو شوێنێکی بەری. ئەو تەکنۆلۆژییەش بەرهەمی وڵاتی چینە. ئامێرەکە زۆر وردە لە ژمـــاردن و تەنانەت پارەی ســـاختە و تەزوییـــش جیادەکاتـــەوە لە پارەی دیکە. شێوازی بەکارهێنانەکەشـــی ئاســـانە، تەنیـــا وەك ئەلقەیەك لە پەنجەی بخە و بە خێرایی بەســـتەی پارەکە هەڵدەوە. ئەرکـــی ئەو ئامێـــرە تەنیا ژماردنی پارە نییە، لە راســـتیدا بۆ ژماردنی وەرەقـــەی فۆتۆکۆپـــی ســـوودی لێوەردەگیرێ، چونکە جار هەیە نازانـــدرێ چەند لاپەڕە کۆپی کـــراوە و دەبێ دانـــە دانە بژمێردرێن، بەڵام بەهۆی ئەو ئامێرەوە ژماردنەکە زۆر خێراترە.



# کاتژمێرێک بە ئاو شەحن دەبێتەوە




مرۆڤ هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە کات بۆی گرنگ بووە، هەربۆیە کاتژمێر سەرەتایی ترین ئامێری مرۆڤە، هەرچەندە لەسەرەتادا لە تیشـــکی خۆر و لە قوم و لە ئاو و...تاد، بۆ زانینی کات ســـوود وەرگیراوە، تا گەیشتۆتە بەرهەمهێنانی ئامێری کاتژمێر. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەك کاتژمێرێکی بەرهەمهێنـــاوە کە بۆ شـــەحنکردنەوەی پاترییەکەی لە ئاو ســـوود وەردەگرێ، ئەو کاتژمێرەی دەبینن وزەی پێویستی شـــەحنکردنەوەی تەنیا ئاوە، یەکێکە لەو کاتژمێرانەیە کە لە نیشـــاندانی کاتدا هەڵە نـــاکات. کاتژمێرەکە جگە لە نیشـــاندانی کات کەش و هەوای ژوورەکەش نیشان دەدات، لەکاتی خۆیشیدا زەنگ لێدەدات.

# کیبۆردێکی وایەرلەیس بە خۆر شەحن دەبێتەوە



کیبۆردی وایەرلەیس زۆر باشترە لە کیبۆردێك کە بەهۆی وایەرەوە پێوەندی لەگەڵ کۆمپیوتەر هەیە، هۆکارەکەشی روونە، لە کیبۆردی وایەرلەیسدا دەتوانی تا زیاتر لە دە مەتر لە شاشەی کۆمپیوتەر دوورکەویەوە. بەڵام لەو کیبۆردانەی وایەریان هەیە بەم شێوەیە نییە. زۆرجاریش بە تێکچوونی وایەری کیبۆردەکە، کیبۆردەکەش سوودی نامێنێ، تەنیا گرفتێك لە کیبۆردی وایەرلەیسدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە بە پاتری یان بە شەحن کار دەکات، ئەوەش پێویستی بە پڕکردنەوە یان گۆڕینی پاتری هەیە، کەچی ئەم کیبۆردەی دەبینن وزەی پێویستی خۆی لە خۆر وەردەگرێ. بۆ شەحن کردنەوەی کیبۆردەکە پێویست ناکات لەبەر تیشکی خۆری دایبنێی، ئەو کیبۆردە لە رووناکیماڵەوەش سوود وەردەگرێ. لەگەڵ کیبۆردەکە پرۆگرامێکیش لەسەر شاشەی کۆمپیوتەرەکە دادەندرێ، کە نیشان دەدات رووناکی پێویست هەیە بۆ شەحن راگرتنی کیبۆردەکە و هەروەها چۆنییەتی دابەزینی شەحنی کیبۆردەکەش نیشان دەدات.

# کردنەوەی فایلەکانی word 2007 لە word2003 دا

یەکێك لەو گرفتانەی دوای بڵاوبوونەوەی وۆرد 2007 بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر هاتە پێش ئەوەیە کە ئەو فایلانەی کە بە وۆرد 2007 دەنووسرێن بە وۆردی 2003 ناکرێنەوە. ئەگەر کۆمپیوتەرەکە پرۆگرامی وۆرد 2007ی لەسەر نەبێ لەکاتێکی ئاوادا دەبێ چ بکرێت؟ بۆ چارەسەری ئەم گرفتە پێویستە ئامرازێکی بچووك، کە بە docXCeonverter ناسراوە لە ئینتەرنێت دابەزینی، ئەو فایلە راستەوخۆ دەچێتە ناو وۆردی 2003 و دواتر هەر فایلێك کە بە وۆرد 2007 نووسرابوو بە ئاسانی لە وۆرد 2003دا دەکرێتەوە.






# پرۆگرامێک فایلەکانی ماکینتۆش دەگوازێتەوە بۆ ویندۆز

ئەوانەی لە کۆمپیوتەردا شارەزان دەزانن، سیستەمی ماکنتۆش و سیستەمی ویندۆز دوو سیستەمی کۆمپیوتەری لێك جیان، کە هیچ چەشنە پێوەندییەکیان پێکەوە نییە. سەر بە دوو کۆمپانیای جیاوازن، کۆمپانیای ئەپڵ و مایکرۆسۆفت. گرفتێکی سەرەکی کە بۆ بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر دێتە پێش ئەوەیە کە ئەو دوو سیستەمە یەکتر ناناسن، ئەگەر فایلێك کە لە ماکنتۆشەوە بیگوازیەوە بۆ ویندۆز، وەك فایلێکی نەناسراو سەیری دەکات و سوودی لێوەرناگیرێ. هەرچەندە ئێستاکە هەردوو سیستەمەکە هەندێك بواریان رەخساندووە کە فایلەکانیان لە سیستەمی یەکتردا بکرێتەوە.

پرۆگرامی Macdrive پرۆگرامێکی زۆر پێشکەوتووە بەمەبەستی کردنەوەی فایلەکانی سیستەمی ماکنتۆش لە سیستەمی ویندۆزدا. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ بەهیچ گرفتێك فایلەکان بۆ یەکتر بگوازرێنەوە. پرۆگرامەکە بە ئاسانی و بێ گرفت لە ئینتەرنێت بە خۆڕایی دەستدەکەوێت.



# وایەر لە نێوان شاشە و کۆمپیوتەردا نامێنێ

لەسەر زۆربەی مێزی کاری نووسینگەکان کاتێك کۆمپیوتەرێك دەبینی، چەندین وایەر هەن کە بۆ پەیوەندی نێوان ئامێرەکان دادنراون، وەك وایەری نێوان شاشە و کۆمپیوتەر، وایەری نێوان پرینتەر و کۆمپیوتەر، ماوس و کۆمپیوتەر، کیبۆرد و کۆمپیوتەر...تاد. کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی ئامێری وایەرلەیس، هەوڵی داوە گشت پۆرتەکانی پەیوەندی نێوان کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی دیکە بکاتە وایەرلەیس. تەنانەت پەیوەندی نێوان DVD و تەلەفزیۆنیش ببێتە وایەرلەیس. بە کرداری بوونی ئەو تەکنۆلۆژییە ئیدی قەرەباڵغی وایەر لەسەر مێزی کار نامێنێ.

# مۆبـایلی چوار سیمک

مۆبایل ئەو ئامێرە بچووکەی کە جگە لە ئەرکی پەیوەندی گرتن چەندین ئەرکی دیکەش ئەنجام دەدا، هەتا ئێستا مۆبایلی دوو سیمکارت لە بازاڕ دەبینرا، بەڵام پیدەچێ بەرهەمهێنانی مۆبایل بیریان لەوە کردبێتەوە کە دوو سیم کارت ڕەنگە نەتوانی وەڵامدەری پێویستییەکانی زۆر کەس بێت، بۆیە مۆبایلێکی چوار سیمکارتیان بەرهەمهێناوە، مۆبایلەکە بۆ ئەوانە دەگونجێت کە بەردەوام لەگەشت دان یان ئەو کەسانەن کە پەیوەندییەکی زۆریان لەگەڵدایە. مۆبایلەکە بۆ ئەو وڵاتانەی کە زیاتر لە چوار تۆڕی مۆبایلیان هەیە زۆر بە سوودە، ئیدی بەکارهێنەر پێویست ناکات چوار مۆبایل بەکاربێنێت، بەڵکو دەتوانێت مۆبایلێکی چوار سیمکارتە بەکار بێنیت.

# حەز دەکەن لاپتۆپەکەتان بکەن بە مۆبایل

زۆرجاران کە لەسەر لاپتۆپ کار دەکەن، زەنگی مۆبایلتان بۆ دێت، ناچارن دەست لەکارکردن هەڵگرن و وەڵامی مۆبایلەکەتان بدەنەوە. بەڵام ئایا ئێوە دەزانن کە لە سیستەمی ویندۆز7 دا دەتوانن هەر بە لاپتۆپەکەتان وەڵامی مۆبایلەکانتان بدەنەوە.

بۆ ئەم کارە دەبێ لاپتۆپەکەتان سیستەمی بلوتوسی هەبێت، کە ئێستاکە زۆربەی لاپتۆپەکان هەیانە، کاتێك جەرەستان بۆ هات هەر لەو کاتەوە کە خەریکی کارکردن لەسەر کۆمپیوتەرن، بێ ئەوەی کە دەست بدەنە مۆبایلەکەتان بە کۆمپیوتەر وەڵام دەدەنەوە. تەنانەت مۆبایلەکەتان دەتوانێ 30 مەتریش لە کۆمپیوتەرەکەتان دوور بێت...

جەرەسەکە بۆ سپیکەری کۆمپیوتەرەکە دێت و ئێوەش بەهۆی مایکی لاپتۆپەکەوە وەڵام دەدەنەوە. بەڵام بۆ ئەو مەبەستە دەبێ ئەو هەنگاوانە بگرنە بەر:

- لە مینۆی Start ی ویندۆز7دا، وشەی Bluetooth تایپ بکەن و ئەیکۆنەی بکەنەوە.
- لەسەر Add device کلیك بکەن، چاوەڕوان بن تاکو بلوتۆسی لاپتۆپەکەتان بلوتۆسی هاندەکەتان دەبینێتەوە.
- قۆناغەکانی دابەزاندن درێژە بدەن و دوگمەکانی پەیوەندی مۆبایل و لاپتۆپ لێبدەن، ئێستا قۆناغەکان بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات.

چۆنییەتی ئەنجامدانی کارەکەیە بەم شێوەیە: لەبەشی Connectی بلوتۆسی لاپتۆپەکەتان دەتوان بچنە بەشی پەیوەندی گرتنەوە. بە تایبکردنی هەر ژمارەیەك لە کۆمپیوتەر و داگرتنی دوگمەی Call دەتوانن پەیوەندی بەو ژمارەیەوە بکەن. بە داگرتنی دوگمەی سێهەم دەتوانن مۆسیقییەك لە مۆبایلەکەتان لێدەدرێ لە سپیکەری لاپتۆپەکەوە گوێی لێبگرن. بە داگرتنی دوگمەی چوارەم، سپیکەری و مایکی لاپتۆپەکەتان دەبێتە یەك و ئێوە دەتوانن ئۆتۆماتیکی پاش هاتنی یەکەم جەرەس، پەیوەندی دابمەزرێنن و دەتوانن پەیوەندییەکانتان تەنیا بەهۆی کۆمپیوتەرەوە بێت.



## ـــارتەش بەرهەم هات



## ئامێرێک تەواو لە خزمەت گەنجاندا



تەکنەلۆژیا رۆژ بەرۆژ لەپەرەسەندندایە، رۆژلەگەڵ رۆژ ئامێری وا بەرهەم دێت، کە مرۆڤ بیریشی لێنەدەکردەوە، ئەو ئامێرە سەرنج راکێشەی لێرەدا دەبینن، چەندین ئامێرە لەیەك ئامێرەدا، لە یەك کاتدا کاتژمێرێکی زۆر جوان و سەرنج راکێشە، مۆبایلێکە کە گشت سیمکارتێك دەخوێنێتەوە، کامێرایەکە کە هەم دەکرێ وێنەی پێبگری و هەم فیلم هەڵگریەوە، فلاش میمۆریە کە لە کاتی پێویستدا بۆ داکردنی داتاکان سوودی لێوەردەگیرێ، سەرەڕای ئەوەش چوارچێوەی وێنەی دیجیتالییە بۆ نیشاندانی ئەلبۆمێکی دیجیتالی سوودی لێدەبینرێ، ئەو ئامێرە زۆربەی فۆرماتەکانی دەنگ و رەنگ دەخوێنێتەوە. سەرنج راکێشترین خاڵی ئەو ئامێرە ئەوەیە کە دژە ئاوە وبە هیچ جۆرێك بە ئاو تەڕ نابێ و تێك ناچێ. ئامێرەکە بەرهەمی کۆمپانیایەکی چینیە، هەربۆیە نرخەکەی زۆر لە خوارێیە، تەنیا 100 دۆلارە. بۆ ئەو کەسانەی بیانهەوێ کۆمەڵێك ئامێری لە یەك ئامێردا هەبێ ئەو ئامێرە بەبێ ریکلام کردن گەلێك گونجاوە. ئامێرەکە بەناوی Grand Porto Phone Watch ناسراوە.

## کتێبەکەت بەچەند کلیکێک دیزاین بکە



رەنگە زۆر لە نووسەران حەز بکەن، خۆیان کتێبەکانیان دیزاین بکەین، بەڵام چونکە شارەزایەکی ئەوتۆیان لەسەر دیزاین نییە، ناچارن بە دیزاینەرێك دیزاینی بکەن. گەر کتێبەکەتان بۆ نموونە 250 لاپەڕە بێت بتەوێ بە شێوەیەکی ئاسایی چاپی بکەن، ئەوکاتە پێویستتان بە 250 لاپەرە دەبێت، تەنانەت ئەگەر چاپگەرەکەشتان لەسەر هەردوو پشت و رووی چاپی بکات، ئەوکاتیش دەبێ 125 لاپەڕە دابنێن. بەڵام پرۆگرامێکی کۆمپیوتەری زۆر بە ئاسانی کتێبەکەتان بۆ دیزاین دەکات، ئەویش تەنیا بە یەك کلیك.

پرۆگرامی Clicbook، پرۆگرامێکی بەهێزە، شێوازی کارەکەی ئاسانە، بەو پرۆرگرامە دەتوانی بە ئاسانی و بە پرینتەرێکی ئاسایش کتێبەکانت چاپ بکەی. ئەو پرۆگرامە تەواوی فۆرماتەکانی چاپی تێدایە. گەر بتەهەوێ دەقێکی 8 لاپەڕەیی بەشێوەی کتێب چاپ بکەی، دەبێ لاپەڕەکانی یەك و 8 و لەسەر لاپەڕەیەك و 2 و 7 لەسەر لاپەڕەیەك چاپ بکرێن، تاکو ئەوکاتە کاغەزەکە دەنووشتێتەوە، لاپەڕەکان تێك نەچن و بە دروستی شوێنی خۆیان بگرن. بەراستی بۆ کتێبێکی 500 لاپەڕەیی ڕێك کردنی بەم جۆرەی لاپەڕەکان چەندی کات دەوێت؟! بەڵام ئەو پرۆگرامە گشت ئەو رێککارییە بۆخۆی ئەنجامی دەدات. هەروەها ئەو پرۆگرامە بۆ سووڕاندنی لاپەڕەکان و دانانی سەرلەنوێی لاپەڕەکان لە پرینتەرەکەدا بۆ ئەوەی کە پشتەوەیان چاپ بکرێت، رێنوێنی پێویستی تێدایە، ئەوەش بۆ ئەوکاتە پێویستە کە پرینتەرەکەت نەتوانێ لاپەڕەکە وەرگێڕێت. هەروەها لەو پرۆگرامەدا پرێنتی پێچەوانەی تێدایە کە دیزاینەرەکان دەزانن ئەو توانایە چەندە سوودمەندە بۆ ئەوەی کە لە چاپخانە لاپەڕەکان بە جوانی دەربچن. جگەلەوەش لەو پرۆگرامەدا بە ئاسانی فایلەکان دەبنە فایلی PDF. زیاتر لە 170 فۆرمی چاپکردنی جۆراوجۆری تێدایە.

www.gulan-media.com/it
بەرپرسی فایلی ئایتی: سەنگەر شنۆیی: بۆبابەت و سەرنجەکانت پەیوەندی بکە :
Mobile: 07504514008 Email: it @gulan-media.com